شەڕ لەگەڵ پەرەدەستنێت؛ هاوڵاتییەکی مەدەنی کورد گیانی لەدەستدا



هەسەدە رایدەگەیەنێت، بەهۆی هێرشی گروپە چەکدارەکانی سەربە حکومەتیی کاتی دیمەشقەوە بۆ سەر دو گەڕەکە کوردنشینەکەی حەڵەب، هاوڵاتییەکی ژن گیانی لەدەستداو. دەشڵێت، گروپە چەکدارەکانی سەربە دیمەشق گەیشتونەتە ئەو رادەیەی کە تانك و تۆپیان هێناوەتە بەردومانی ئەو دو گەڕەکە کە ئەوەش ئاڵۆزکردنکی مەترسیدارە و هەڕەشەیە لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی و سەقامگیریی ناوچەکە.

ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات-هەسەدە، کەمێك لەمەوبەر لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەو بانگەشانەی دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی سەربە حکومەتی دیمەشق رەتدەکەینەوە کە گوایە هەندێك گەڕەکی حەڵەب لەلایەن هێزەکانی ئێمەوە کراونەتە ئامانج.

ئەوەشی خستەڕوو، ئەوەی رودەدات لە بۆردومانکردنی گەڕەکەکان لەلایەن گروپە چەکدارەکانی سەربە دیمەشقەوە دەکرێت و ئەو موشەکانەی هەڵدەدرێن لەسوی

سەربازییەوە رێگەوە کانیان زۆر ئاشکرایە کە لەناوچەکانی گروپە چەکدارەکانەوە دێنە بەرەو چەند گەڕەکێکی شارەکە بە ئامانجی تێکدانی ئاسایش و نانەوەی پشێوی.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، ئەو گروپە چەکدارانە گەیشتونەتە ئەو رادەیەی کە تانك و تێپیان هێناوە بۆ بڕدومانکردنی هەردو گەڕەکی شێخ مەقسود و ئەشرەفیە کە ئەوە ئاماژەکردنێکی مەترسیدارەو هەڕەشەیە لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنی و سەقامگیریی ناوچەکە.

هەسەدە لەبارەی دواین ژمارەی قوربانیانی بڕدومانی گروپە چەکدارەکانی سەربە حکومەتی کاتیی دیمەشقەوە، وتویەتی، هاوڵاتی فەدوا محەمەد کوردی، 57 ساڵ، کە لە بڕدومانی گروپە چەکدارەکاندا بریندارببو، بەهۆی سەختی بارینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

هەسەدە وتوشیەتی، بەوەش تاوەکو ئێستا لە ئەنجامی بڕدومانی گروپە چەکدارەکان بە سەر دو گەڕەکە کوردنشینەکە، کەسێك گیانی لەدەستداوەو شەش کەسی دیکەش بریندارببون.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، میدیای رەسمی سەربە حکومەتی دیمەشق لە زاری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی حەڵەبەوە باویکردتەوە، بەهۆی بڕدومانی هەسەدەوە دو هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و هەشتی دیکەش بریندارببون.